**بومەلەرزەیەک بە گوێی 4.2 پلە لە پارێزگای هەولێر تۆمار کرا.**



سەرچاوەیەکی فەرمی لە دەستپاتی کۆشناسی و بومەلەرزەزانی عێراق ئەمە دوشەممە لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، بومەلەرزەیەک لەسەر سنوری عێراق لەگەڵ تورکیا و ئێران رویداوە، لەلایەن خەڵکی ئیدارەی سەربەخۆی سەرانیشەوە لەسنوری هەولێر هەستی پێکراوە.

بەگوێرەی ئاژانسی بومەلەرزەزانی دەریای ناوەڕاست، چەقی بومەلەرزەکە لەسنوری ئیدارەی سەربەخۆی سەران 4.3 پلە بەپێوەری ڕێختەر و بە قوڵایی پێنج کیلۆمەتر لەسەر ئاستی ڕوی دەریا بووە.
ئەوەشخراوەتەوە، لەلایەن بەشێك لە هاوڵاتیانی سەرانەوە هەستی پێکراوە و بەهۆی دروستبونی ترس و دڵەڕاوکێشەوە، لە چەند گەڕەکێك ژمارەیەك لە هاوڵاتیان لەماڵەکانیان هاتونەتە دەرەوە.